


# وتەی ئەمجارەمان



منداڵەچاوگەشەکانی کوردستان!

ئەم کاتەتان باش.

منداڵە ئازیزەکان: هیواداریین کە تا ئەم کاتەی پشووی هاوینیتان بە خێر و خۆشی تێپەڕاندبێت، و دڵنیاین کە ئەمساڵیش وەکوو ساڵانی ڕابردوو بە بەشداریتان لە خولە جۆراوجۆرەکانی هونەری، زانستی و وەرزشـی دا کە هاوینان لە لایەن ناوەندەکانی تایبەت بە منداڵانەوە بە ڕێوە دەچن فێری زۆر شتی نوێ و بە کەڵک بووین.

منداڵە ئازیزەکان! هـەروەک دەزانـن بەرە بەرە لە تاقیکردنەوەکانی هاوین نزیک دەبینەوە و ئەو منداڵە خۆشەویستانەی کە بە هەر هۆیەک لە تاقی کردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا دەرنـەچـوون و نەیان توانیوە کە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بە سەرکەوتوویی تەواو بکەن دەبێ لەم ماوەیەدا کە ماوە، تا ڕۆژی تاقیکردنەوەکان بە باشی خۆ ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی کە لەم تاقیکردنەوانەدا دەربچن و پلەی خوێندن بە سەرکەوتوویی ببڕن و بۆ ساڵی تازەی خوێندن بچنە پۆلی سەرترەوە.

ئێمەش وەک ستافی دنیای منداڵان بۆ ئەو منداڵە خۆشەویستانەی کە دەبێ لە تاقیکردنەوەکانی هاویندا بەشدار بن هیوای سەرکەوتن دەخوازین.

















## سەبری بۆتانی

شاعیری خەباتگێڕی کورد سەبری کوڕی حەمەد کوڕی تەمەر، ناسراو بە سەبری بۆتانی لە ساڵی ١٩٢٥دا لە گوندی « دەلۆ»ی پارێزگای سێرت لە باکووری کوردستان لە دایک بووە. لە بەر زۆڵم و ستەمی رژیمی تورکیای سەردەمی کەماڵ ئاتاتورک لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەخاووخێزانەوە زێدی باب و باپیرانیان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە باشووری کوردستان و لە زاخۆ نیشتەجێ بوون.

سەبری لە تەمەنی لاوەتییەوە هەستی کوردایەتی لەلاخولقاوەو چووەتە پاڵ حیزبی « هیوا» و لەسەر چالاکیی ڕامیاری لە ساڵی ١٩٤٥دا بە تاوانی لایەنگری لە شۆڕشی بارزان گیراوە و لە شاری مووسڵ خراوەتە بەندیخانەوە و کاتێکیش کە پارتی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرابوو ئەندامێکی چالاکی ئەم پارتە بووە و لەو سەردەمەوە بەهرەی شاعیریی لەلا خولْقاوە و هۆنراوەی نیشتمانیی داناوە. لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١دا بووەتە پێشمەرگە و ئەرکی چەکداری و خەباتکاری و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی بەجێ هێناوە، لە دوای ڕێککەوتننامە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا هاتۆتە شاری هەولێر و دوای ماوەیەک چۆتە بەغدا و بەشداریی نووسینی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی وەک « التاخی» و» برایەتی» و لە دواییشدا « بەیان» و « ڕۆشنبیری نوێ» و «نووسەری کورد»ی کردوە.

لە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان لە بەهاری ١٩٧٤دا دووبارە دەچێتەوە پاڵ شۆڕشی کورد و لە بەشی ڕاگەیاندن کار دەکا و لە دواییدا لەبەر خراپ بوونی باری تەندروستی دەچێتەوە بەغدا تاکوو هەردەم لە ژێر چاودێریی پزیشک دا بێ. و لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ لەگەڵ کۆڕەوە ملیۆنییەکەی کورد دەچێتە دەرەوەی وڵات و لە ساڵی ١٩٩٢دا خۆی دەگەیەنێتە وڵاتی نۆروێژ و دەبێتە پەنابەرو لە هەموو چالاکییەکی وێژەیی و ڕۆشنبیری و ڕامیارییەکانی کورد لەو وڵاتەدا بەشدار دەبێ تاکوو لە ١٩٩٨,١٠,٢٥ کۆچی دوایی دەکا.

سەبری بۆتانی شاعیرێکی هەستناسکی بەهرەداربووە، شاعیری سروشت و جوانی بوو، شێعرەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاو دەکردەوە پاشان لە دیوانێکی خنجیلانە بە ناوی «شین و شادی» لە ساڵی ١٩٧٩دا لە بەغدا بە چاپی گەیاندن. هۆنراوەکانی لە سەرکێشی سووکی ٧ بڕگەیی ٣-٤ خۆماڵی کوردین و ناوەڕۆکی زۆربەی شێعرەکانی خۆشەویستیی وڵات و نیشتمان و کوردایەتی برایەتین.

ئەو دزانن چەندو چەند بەردان دنێ

لە خۆ پانا ئورووپایی را تەقاندن چەپو راست

لە زیندانێن تەنگو تاری ئەو دزانن

چەندو چاوان خەڵک رژاندن چەپو راست

ژ ڤارێن بابو باپیران زارو زێخ

ب دارێ زۆرێ بژکاندن چەپو راست

ئەڤ هەموو دەردو خەمو زۆرو ستەم

دوژمنا ل مە باراندن چەپو راست

**ئا: گەلاوێژ پەیرەوان**

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین





کچێک دەچێتە لای مەلاو دەڵێت: مامۆستا من هەموو ڕۆژێک لەبەر ئاوێنەدا بەخۆم دەڵێم زۆر جوانم ئایا تاوان دەکەم؟

مـەلاش دەڵـێت: نـە کچم تـاوان ناکەیت، بەڵام درۆ دەکەیت.

***

پیاوێک بە ژنەکەی دەڵێت: سوێند بخۆ منت لەبەر پارە خۆش ناوێت،

ژنەکەش دەڵێت: بێنە دە هەزار دینارم بدەیە پێت دەڵێم.

***

گێلێک لـەسـەر دووکــان بـوو، کابرایەک پێی گوت: گڵۆپێکم پێ بدە گێلەکەش بنێشتێکی پێدا.

کابرا گوتی: گڵۆپ گڵۆپ.

گێلەکەش گوتی: خۆت بیجوو و گڵۆپی پێ بکە.

***

کابرایەک دەچێتە لای دکتۆر و دەڵێت:

دکتۆر من نەخۆشم دکتۆرەکەش هەندێ حەبی بۆ دەنووسێت و دەڵێت ماوەیەک لەسەریان برۆ دوایـی وەرەوە بزانم باشتربوویت یان نە.

کابراکە دوای ماوەیەک دەچێتەوە لای دکتۆر و بەتوڕەییەوە دەڵێت: ئەمە کەی دەرمـان بوو هیچ باش نەبووم بگرە خراپتربووم.

دکتۆرەکەش دەڵـێت: چۆنم پێ وتی ئاوا دەرمانەکانت بەکارهێنا؟

کابراکە دەڵـێت: بەڵێ تۆگوتت لـەسـەریـان بـرۆ منیش حەبەکانم لەسەر عـەرزێ دادەنـاو لەسەریان دەرۆیشتم.

## ئادەی بە دڵی خۆتان بمڕەنگێنن









ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەری دەکا.

www.Kurdistanukurd.com

سەرنووسەر: فەرشید محەممەدی* دەستەی نووسەران: هانا وریا، باران، تریفە سادقی * شیلان قوربانی فەر

مۆنتاژو دیزاین: مینا سوڵتانزادە

mndalanykurd@yahoo.com

دنیای منداڵان

# هەنجیر و قازانجەکانی

منداڵە خۆشەویستەکان!

ئەم جارە دەمهەوێ لەسەر یەکێک لە میوەکانی هاوینە بۆتان باس بکەم بە ناوی هەنجیر. خۆتان دەزانن ئەم وەرزە وەرزی میوەجاتە و گەلێک میوەی جۆراوجۆری تێدا بەرهەم دێ کە هەنجیریش یەکێک لەو میوە خۆش و بە سوودانەی ئەم وەرزەیە. داری هەنجیر یەکێک لە کۆنترین دار میوەکانی جیهانە و ئاسەواری ئەم دارە لە دەورەی دووهەمی زەوی ناسی کە پێی دەڵێن «کرتاسە»، بیندراوەو لە میسری کۆنیشدا دەگەڕێتەوە بۆ ٢٨٠٠ ساڵ بەر لە زایین، واتە ٤ هەزار ساڵ پێش ئێستا ئەو دارەیان چەقاندوەو کەڵکیان لە بەرەکەی وەرگرتووە. لە کتێبە ئاسمانیەکانیشدا ناوی ئەم میوەیە هاتووە. بۆ وێنە خودا لە قورئاندا سوێندی پێ دەخواو سوورەیەکیشی بەناو کراوە. وەکی دەزانن ئەم دارە لە ناوچە گەرمەکان دا شین دەبێ و بە نیسبەت گەرماوە زۆر خۆڕاگرە، بەڵام بە نیسبەت سەرما زۆر لاواز و هەستیارە بە تایبەتی کاتێک کە تازە چەقاندراوە. لە هەموو جۆرە خاکێک دا توانایی گەشەکردنی هەیە و دەڕوێ.

منداڵە ئازیزەکان!

ئەوە تا ئێرە کەمێکمان لەسەر مێژووی ئەم دارە باس کرد با ئێستا بچینە سەر قازانجەکانی؟!

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوە زانستی¬یانەی کە پزیشکەکان لەسەر ئەو میوە کردوویانە بۆیان دەرکەوتووە کە خواردنی هەنجیر بۆ نەرم کردنەوەی سینگ و ڕیخۆڵەکان زۆر باشە و خاوەن تایبەتمەندییەکی زۆرە. ئەها دیوتانە ئەو کاتانەی کە تووشی کۆخە و سنگ ئێشە دەبین چەندە سنگی ئینسان توند دەبێ و زۆر جار بە زەحمەت هەناسەش دەکێشین. کەواتە خواردنی هەنجیر بۆ نەرم کردنەوەی سنگ لەو کاتانەدا




زۆر باشە و بە تەواوی سنگی مرۆڤ دەکاتەوەو بە ئاسانی هەناسەش دەکێشرێ، هەروەها دەبێتە هۆی نەرم کردنەوەی ڕیخۆڵەکان، بەو مانایە کە پاشماوەی خۆراکەکان لە نێو گەدەو ڕیخۆڵەکان دا ناهێڵێ و بە تەواوی خاوێنی دەکاتەوە. بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە گەدەیان تووشی هەوکردن و تەمبەڵی بووەو تووشی قەبزی دەبن ئەو حاڵەتەیان ناهێڵێ. کەواتە بە خواردنی هەنجیر لە زۆر نەخۆشی مەترسیداری وەک شێرپەنجەی گەدەو ڕیخۆڵەکانیش بەدوور دەبین یانی دەتوانین بڵێین کە هەنجیر پێشگیری لە تووش بوون بە شێرپەنجەی گەدەو ڕیخۆڵەکان دەکا، چونکە شێرپەنجە زیاتر لە مانەوەی ئەو پاشماوە خۆراکیانەوە کە ماونەتەوەو بوونەتە مۆڵگەی میکرۆبە زیان بەخشەکان، پەیدا دەبێ.

جیا لەمانەش گەلێک قازانجی دیکەی هەیە وەک لە کاتی تووش بوون بە هەڵامەت و گەروو ئێشە، خواردنێکی زۆر باشە. یانی بۆ هەوکردنی کۆئەندامی هەناسەکێشان زۆر بەکەڵکە، بە تایبەتی لە وەرزی سەرمادا هەنجیرە ویشک کراوەکەی لەنێو ئاودا دەخووسێنن و هەم ئاوەکەی و هەمیش بۆ خۆی زۆر قازانجە و پێشگیری لەو نەخۆشیانەی وەرزی سەرما دەکا و تەنانەت بۆ چڵک کردنی پووکەکانیش زۆر باشە. تەنانەت دەکرێ هەنجیرەکە بکوڵێندرێ و ئاوەکەی غەرغەرەی پێ بکرێ کە هەم بۆ گەروو ئێشە و هەمیش بۆ هەڵامەت و پەسیو گەلێک باشە. بەم دواییانە بۆ منداڵان لە هەنجیر شەربەتیان ساز کردوەو وەک دەرمانی لەنێوبەری نەخۆشییەکانی قەبزی دەیدەن. نابێ لەبیرمان بچێ کە تەنانەت لە گەڵاکەشی کەڵک وەردەگرن ئەوەی باسمان کرد تەنیا کورتەیەک بوو لەسەر هەنجیر و وردە زانیارییەکی باش لەسەر ئەو میوە خواکردە بۆ ئێمەی مرۆڤ بوو. کەواتە لە بیر خۆمانی نەبەینەوەو بە ئارەزووی دڵ تا ماوە لێی بخۆین و کەڵک لە قازانجەکانی وەرگرین.

**ن: سەید جەلال سالحی**

# رووبارێکی تەنیا



لە کوێستانێکی جوان و پڕ لە گوڵ دا، رووبارێک هەبوو کە زۆر هەستی بە تەنیایی دەکرد، چونکە هیچ هاوڕێیەکی نەبوو. رووبارەکە زۆری بیر دەکردەوە کە بۆچی بە تەنیایە، بەڵام هەرچی دەکرد وەبیری نەدەهاتەوە کە بۆچی ئاوا تەنیاو بێ هاوڕێیە و ناهێڵێ نە کەس مەلەی تێدا بکاو نە هیچ گیانلەبەرێکیش کەڵک لە ئاوەکەی وەربگرێ.

ڕۆژێکیان کچێکی بچکۆلە هاتەلای رووبارەکەو قاپێکی بە دەستەوە بوو کە ماسییەکی سووری تێدابوو. کچە بچکۆلەکە دەیویست لەگەڵ دایک و بابی بچێتە شارو نەی دەتوانی ماسییەکە لەگەڵ خۆی ببا هەربۆیە ماسییەکەی هەڵ گرت و بردی خستییە نێو رووبارەکە و ماڵئاوایی لێ کرد.

ماسییەکە لە نێو رووبارەکە زۆر بە تەنیا بوو، چونکە جگە لەو هیچ گیانلەبەرێکی تێدانەبوو. ماسی بچکۆلە دەیویست لە رووبار نزیک بێتەوە، بەڵام رووبار هیچ رووی پێ نەدەدا و دەیگوت لێم دوور بکەوە.

ماسی بچکۆلە زۆر شاد و سەرزیندوو بوو، بۆیە ئاوا بە ئاسانی ماندوو نەدەبووو دیسان دەیویست لێی نزیک بێتەوە، خۆی بەو لاو ئەولا دا دەدا.

تا ئاخری بەو کارانەی رووباری وەپێکەنین خست.

دواتر رووبارەکە زۆر خۆشحاڵ بوو لەگەڵ ماسی ملی لە قسە کردن نا و پێکەوە بوونە دوو هاوڕێی زۆر باش.

رووبار ئەو شەوە هەر بیری لەوە دەکردەوە کە بوونی هاورێ چەندە خۆشە و لە تەنیایی رزگاری بوو. هەر لە خۆی دەپرسی کە بۆچی تا ئێستا هیچ هاوڕێیەکی نەبووە بەڵام هیچی وەبیر نەدەهاتەوە.

بەیانی ماسی بچکۆلە خەریکی کایە کردن بوو بە ئاوەکە، کە رووباری لە خەو هەستاند رووبار ئەو جار وەبیری هاتەوە کە بۆچی تا ئێستا هیچ هاوڕێیەکی نەبووە، چونکە قدیلکەی دەهات، بەڵام ئێستا زۆری پێ خۆش بوو کە هاوڕێیەکی وەک ماسی بچکۆلەی هەیە و لە تەنیایی رزگاری بووە.

ئا: دایکی نارین

# چۆلەکەی فەرامۆشکار

بەچکە چۆلەکەیەک هەبوو سەرجەم باڵندەکانی دارستان پێیان دەگوت چۆلەکەی فەرامۆشکار. دەزانن لە بەر چی؟ چونکە زۆر زوو شتی لە بیر دەچۆوە. رۆژێک دایکی بەچکە چۆلەکەی فەرامۆشکار پێی گوت: «برۆ بۆ ماڵی داپیرە و پێی بڵێ با بێن بۆ ماڵی خۆمان چونکە سبەینێ جێژنمان هەیە». فەرامۆشکار چووە لای داپیرە و گوتی: «سڵاو داپیرە! من هاتووم پێت بڵێم کە ......» بەڵام لە بیری چوو بوۆەو کە دایکی چی پێ گوتبوو. بۆیە وای بە بیر داهات کە دایکی پێیگوتوە بە داپیرە بڵێ ئێمە دەچین بۆ ماڵیان. بۆیە فەرامۆشکار وای بە داپیرە گوت. داپیرە لە خۆشیدا ماڵەکەی خاوێن کردەوە و چووە دەرەوە تا خواردن پەیدا بکا.
که فەرامۆشکار گەڕایەوە ماڵەوە، بە دایکی گوت کە چی بە داپیرە گوتوە، دایکی گوتی: «ئاخ کورِم نازانم چی بکەم لە دەستی تۆ، ئەوەندە زوو شتت لە بیر دەچێتەوە،



لە دارستاندا ناوبانگت بە چۆلەکەی فەرامۆشکار دەرکردووە. ئێستا من چی بە نەنکت بڵێم؟ تازە دەبێت سبەینێ برۆین بۆ ماڵی داپیرەت. دەزانی سبەینێ چ رۆژێکە»؟ فەرامۆشکار گوتی: «نەخێر چ رۆژێکە»؟ دایکی گوتی: «سبەینێ رۆژی لە دایکبوونی تۆیە. ئێستا ناتوانم جەژنەکەت بۆ ساز بکەم»، فەرامۆشکار زۆر بێتاقەت بوو گوتی: «ببوورە دایە گیان، لەمەودوا هەوڵ دەدەم شتم لە بیر نەچێتەوە. دایە گیان! ئەی ئێستا نابێت جێژنی لە دایکبوونەکەم لە ماڵی داپیرە بۆ بگرە.؟! «دایکی گوتی: «بۆ نابێت، بەیانی دەچین بۆ ماڵی داپیرەو لەوێ ئاهەنگەکەت بۆ دەگرین. بە مەرجێ کە بەڵێن بدەیت لەمەودوا هەستەکانت زۆر چڕ بکەیتەوە تا شتەکانت لە بیر نەچێت».

**دیاری: بێژان مەعرووفی**
**سەرچاوە:( گۆڤاری پەپوولە)**

منداڵە چاوگەشەکان!
بە رەنگکردنی ئەم نەقاشییە یارمەتیی هاوڕێکەتان بدەن



# شێری زەرد

قوتابییەکان، کاتیان مابوو، بەرەوماڵ ببنەوە، هیوا گوتی: «مامۆستا! روخسەت هەیە»؟

مامۆستا ئازاد سەری بە سەر دەفتەرەکەی بەر دەستی دا گرتبوو گوتی: «هیوا، دەڵێی چی؟

مامۆستا، ئەمرۆ چیرۆکمان بۆ دەخوێنییەوە»؟

مامۆستا ئازاد زۆر لە نێو خۆی دا بوو، بەڵام بە روو خۆشییەوە گوتی: «زۆر لە مێژە ئەم چیرۆکەم نووسیوە ئەمرۆ بۆتانی دەخوێنمەوە».


یەک دوو لاپەڕەی لە دەفتەرەکەی هەڵدایەوە و دەستی پێ کرد:

***

ئەو کێوە بەرزانەی ئەو بەرمان دەبینن؟ (لەبەر پەنجەرەکەوە دەستی بۆ دوور راداشت) منداڵەکان روویان لەو شوێنە کرد، وا مامۆستا ئازاد ئاماژەی پێ کردبوو!

دوور لە ئێستا دارستانێکی خۆش بوو، هەموو گیاندارێکی تێدا دەژیا، هەزاران ساڵ بوو تۆرەمەی شێری زەرد لەو چیا و دارستانەدا ژیا بوون.

تازە تاووبان گەرم ببوو دایکە شێر لە ڕاو گەڕایەوە و مامزێکی چکۆلەی هێنایەوە بۆ چوار بێچووەکەی، لە ژێر دار بەڕوویەکی پیر دا بۆی دانان، خۆشی بە نیازی راو دوور کەوتەوە، بەچکە شێر زۆریان برسی بوو. خێرا هەڵیان کوتایە سەر مامزە کوژراوەکە!



لە پڕ لێیان بوو بە شەڕ، سەر و چاوی یەکتریان خوێناوی کرد! لەو هەل و دەرفەتەدا (ڕێوی) لێیان قوت بۆوە پڕی کرد بە نێچیرەکەدا و رفاندی.

شەو دایکە شێر گەڕایەوە بۆ لای بێچووەکانی، بەڵام هیچی پێ نەبوو! بەچکەکان برسی و ماندوو سەریان کرد بە بن زگی دایکیان دا، کەچی لە برسان خەویان لێ نەکەوت.



مامۆستا ئازاد گوتی: «کاتی ئەوەیە بەرە و ماڵ ببینەوە».

هیوا لە پەنجەرەکەوە بە چاو بۆ دارستان و شێرەکان دەگەڕا...

**ن: سەلاح نیساری**



# ئایا دەزانن





**ئایا دەزانن**
کە شەمشەمەکوێرە تەنها باڵندەیەکە کە هێلکە ناکا؟



**ئایا دەزانن**
کە پەپوولە لە ١١ کیلۆمیترییەوە بۆنەکان دەناسێتەوە و لێکیان دەکاتەوە؟



**ئایا دەزانن**
کە کرم لە ڕێگای بۆن کردنەوە شەو و ڕۆژ لێک دەکاتەوە؟



**ئایا دەزانن**
کە جەستەی جاڵجاڵۆکەی مێ لە جاڵجاڵۆکەی نێر گەورەترە؟



**ئایا دەزانن**
کە دووپشک دەتوانێت بۆ ماوەی ٣ساڵ بە بێ خواردن بژیت؟



ئایا دەزانن
کە دار بەڕوو تا تەمەنی ٥٠ ساڵی بەرووی پێوە نابێت و بەڕوو دەر ناکات؟



**ئایا دەزانن**
کە مرواری لە سرکەدا دەتوێتەوە؟

**ئایا دەزانن**
کە تەنها بۆقی نێر قور قور دەکات و بۆقی مێ هیچ دەنگێک لە خۆی ناتوانێت دەربهێنێت؟



# ئاکامی ڕەزیلی

پیاوێکی دەوڵەمەند لە تەواوی خۆشییەکانی ژیان بەهرەمەند بوو، و ماڵ و سامانێکی زۆری هەبوو. چەندین خانوو، ئۆتومبێل و هەروەها جۆرەها کەرەستەی گرانبەهای هەبوو، بەڵام لەو ماڵ و سامانە زۆرەی کە هەیبوو هەرگیز یارمەتیی خەڵکی نەدەدا.

سالآنێکی زۆر تێ پەڕی و کابرا تەمەنی چووە سەرێ و روخساری پیریی لێ وەدیار کەوت، بە هۆی پیرییەوە نەی دەتوانی چاوەدێریی ماڵ و سامانەکەی بکا. بیری لەوە کردەوە کە هەموو ماڵەکەی بفرۆشێ و بیدا بە یەک دانە ئەڵماس بۆ ئەوەی کە ماڵ و سامانەکەی هەمیشە لە لای خۆی بێ. کاتێکیش ئەڵماسەکەی کڕی ویستی بیشارێتەوە هەتاکوو کەس نەتوانێ لێی بدزێ، هەربۆیەش لە حەوشەی ماڵەکەی و لە ژێر دارێک چاڵێکی هەڵکەند و ئەڵماسەکەی لەوێ دا شاردەوە.

ئەو کابرایە هەموو شەوێک چاڵەکەی هەڵ دەکەند و ئەڵماسەکەی دەردەهێنا و چاوی لێ دەکرد و لە ناو چاڵەکەی دەهاویشتەوە. ئەو کارەی هەموو شەوێ دووپات دەکردەوە. هەتا شەوێکیان دزێک هاتە ماڵەکەی و دیتی کە ئەو پیاوە شتێک لە بن زەوی دێنێتە دەر و چاوی لێ دەکا. بۆیە لە شوێنێک خۆی حەشاردا هەتا پیاوەکە چووە ژوورێ. دواتر دزەکە لە دارەکە نزیک بۆوە و چاڵەکەی هەڵکەند، دیتی کە ئەڵماسێکی تێدایە، بە دیتنی ئەڵماسەکە زۆر خۆشحاڵ بوو، وتی ئێستا ئەو ئەڵماسە هی منە و لەمەو بەدوا دەتوانم بە خۆشی بژیم ئەو قسەیەی کرد و لە ماڵی کابرا هات دەر و رای کرد.

ڕۆژی دوایی کاتێک کابرا هاتە لای دارەکە دیتی کە زەوی هەڵکەندراوە و چاڵەکە هیچی تێدا نەماوە، بڕوای نەدەکرد، نزیک بۆوەو زەوییەکەی کەمێکی تر هەڵکەند بەڵام ئەڵماسەکە دیار نەمابوو. لەسەر زەوی دانیشت و بە دەنگی بەرز هاواری کرد و دەستی کرد بە گریان و گوتی: «ئەڵماسەکەم ون بووە ماڵ و سامانەکەم هەموو لە دەست چوو ئیتر من پیاوێکی دەوڵەمەند نیم».

خزمەتکارەکانی تەلەفۆنیان بۆ هاوڕێکەی کرد. کاتێک هاوڕێکەی گەیشتە لای و ئەو پیاوەی لەو وەزعە دا دیت، پێی گوت: «مەگری و بەردێکی لەسەر زەوی هەڵگرتەوە و دای بە دەستی و گوتی ها ئەو بەردە بگرە و بە جێی ئەڵماسەکە لە ناو ئەو چاڵەی بهاوێ، ئەو بەردە و ئەڵماسەکەی تۆ هیچ جیاوازییەکیان نیە کاتێک لە بن زەوی دا بشاردرێنەوە».

و: پەیام و مەتین





# هەر ڕۆژە و دوو گوڵ

هەبوو نەبوو، زەمانی زوو، دووهاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەکانیان وەکوو خزمەتکاری پاشا لە کۆشک دا دەژیان. یەکێک لەو کوڕانە کچێکی دەناسی کە زۆری خۆش دەویست. حەزی دەکرد کە دیاریەک پێشکەش بە کچەکە بکا.

ڕۆژێک ئەو کوڕە لە هۆڵە گەورەکەی کۆشک لەگەڵ هاوڕێکەی خەریکی پیاسە کردن بوو. گوڵدانێکی گەورەی بەرچاو کەوت پڕ پڕ بوو لە گوڵی جوان جوانی وا هەرگیز لە هیچ شوێنێک نەی بینیبوو. بڕیاری دا یەکێک لەو گوڵانە بۆ کچەکە بەرێت و دڵنیاش بوو لەوەی کە کەس نای بینێت. ئەو کارەشی بۆ ڕۆژی دواتر دووبارە کردەوە، دیسان بۆ ڕۆژی دوایی و دیسان...

هەتا ڕۆژێکیان پاشا دیتی کە تەنیا چەند گوڵێک لە گوڵدانەکەدا ماونەتەوە. زۆر تووڕە بوو، فەرمانی دا هەموو خزمەتکارەکانی کۆشک کۆبنەوە. کاتێک کۆبوونەوە، کوڕەکە بیری دەکردەوە و وای بەباش دەزانی کە رایبگەیەنێ و بە پاشا بڵێ کە ئەو بووە گوڵەکانی چنیوە. هەرچەندە هاوڕێکەی پێی گوت کە بێدەنگ بێ و ئەو نهێنییە نەدرکێنێ، چونکە پاشا زۆری لێ تووڕە دەبێ. کوڕەکە، ترس سەرتاپای لەشی داگرتبوو، بەڵام کاتێ پاشا نزیک بۆوە، کوڕەکە ڕاستییەکەی درکاند و وتی: «من گوڵەکانم چنیوە». پاشا لە تووڕەییان ڕەنگی گۆڕا. بەڵام ئەو کاتەی زانی کە بۆچی گوڵەکانی چنیوە، بزەیەک هاتە سەر لێوی پاشا و گوتی: «من تا ئێستا بیرم لەو کارە باشە نەکردبۆوە. بەڵام ئێستا دەزانم چۆن گوڵەکانم بەکاربێنم».

لەو ڕۆژەوە کوڕەکە و پاشا بوونە دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی. هەموو ڕۆژێ دەچوونە لای گوڵدانەکە و دوو گوڵیان دەچنی، یەکێکیان بۆ کچەکە و ئەوەی تریش بۆ شاژن.

**وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ترێ**



# وڵاتەکەمان بناسین

## «داڵاهۆ»

شارستانی داڵاهۆ یەکێک لە شارستانەکانی پارێزگای کرماشانی سەر بە رۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەکەوێتە ٩٨ کیلۆمیتریی باکووری رۆژئاوای شاری کرماشان. ئەم شارستانە لە باری هەڵکەوتی جۆغرافیاییەوە لە باکوورەوە لە گەڵ شارستانی سەلاسی باوەجانی، لە باشوورەوە لە گەڵ شارستانی ئیسلام ئابادی رۆژئاوا، لە رۆژهەڵاتەوە لە گەڵ کرماشان، لە رۆژئاواوە لە گەڵ سەرپێڵی زەهاو و لە باشووری رۆژئاواوە لە گەڵ شارستانی گیلانی رۆژئاوا سنووری هاوبەشی هەیە.

رووبەری جۆغرافیایی ئەم شارستانە ١٩٤٠ کیلۆمیری چوار گۆشەیە. ئەم شارستانە لە دووبەخش، بەخشی « کرێند» وبەخشی « گاوارە« و ٥ گەورە دێ و١٥٤ گوند پێک هاتوە. بە پێی ئامارەکان ئەم شارستانە نزیکەی ٥٤٠٠٠ کەس حەشیمەتی هەیە و هەموو خەڵکەکەی کوردن بە سێ زاراوەی کەلهۆڕی و هەورامی و سۆرانی قسە دەکەن. لە باری ئایینییەوە لە سەدا ٨٣ خەڵکی ئەم ناوچەیە یارسانن و لە سەدا ١٣ موسڵمانی سوننی مەزهەبن و لە سەدا ٤ ەکەی دیکەشی موسڵمانی



شاری کەرەند

شیعە مەزهەبن.

بە هۆی ئەوەی کە ئەم شارستانە لە داوێنی کێوی « داڵاهۆ» هەڵکەوتوە ناوی شارستانی داڵاهۆی لە سەر دانراوە.

شارستانی داڵاهۆ ١٤٠٠ میتر لە دەریا بەرزترە، و لە وەرزی زستاندا ئاوو هەوایەکی سارد و کوێستانی، و لە وەرزی هاویندا ئاوو هەوایەکی فێنک و خۆشی هەیە. رێژەی بارانی



تاق گەرا

ساڵانە لەم ناوچەیە ٧٠٠ میلیمیترە.

کێوی بەرز و جوانی داڵاهۆ کە بەرزییەکەی ٢٨٠٠ میترە لەم ناوچەیە هەڵکەوتوە و بۆتە سەرچاوەی ئاوی چەندین چۆم و سەراوی گەورە و بچووک لەم ناوچەیە.

دوو چۆمی گەورەی « ئەڵوەن» و « زمکان» لە کێوەکانی ئەم ناوچەیەوە سەرچاوە دەگرن و دوای تێپەڕین لەم ناوچەیە چۆمی زمکان دەڕژێتە چۆمی سیروان و پاشان دێتەوە بەنداوی دەربەندیخان، چۆمی ئەڵوەنیش پاش تێپەڕین لە سەرپێڵی زەهاو و قەسری شیرین دێتەوە خانەقین.

شاری « کرێند» کە دەبێتە بەخشی ناوەندیی شارستانی داڵاهۆ هەر لە کۆنەوە لە باری پیشە سازی و ئاسنگەرییەوە ناوبانگی هەیە. هەروەها ناوچەی زۆر جوان و تووریستی « رێژاو» کە یەکێک لە ناوچە تووریستییە گرینگەکانی کوردستان و ئێرانە لەم ناوچەیە هەڵکەوتوە.

لە باری کشتوکاڵ و باخدارییەوە شارستانی داڵاهۆ وەک ناوچەیەکی دەوڵەمەندی کوردستان دێتە ئەژمار کە ساڵانە بە رێژەیەکی بەرچاو گەنم، جۆ، نۆک، ترێ، گوێز، هەنجیر، هەنار و هەرمێ لە زەوییە کشتوکاڵییەکان و باخەکانی ئەم ناوچەیە بەرهەم دەهێنرێ و رەوانەی بازاڕەکانی ئێران و وڵاتانی عەرەبیی کەنداو دەکرێ.

هەروەها بەرفراوان بوونی لێرەوار و لەوەڕگەو دارستانەکانی شارستانی داڵاهۆ بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم ناوچەیە وەک ناوچەیەکی گرینگی ئاژەڵداری بێتە ئەژمار، بە چەشنێک کە زیاتر لە ٤٠٠٠٠٠ سەر مەڕ و ماڵات لەم ناوچەیە بەخێو دەکرێ.

بوونی چەندین ئاسەواری مێژوویی و شوێنەواری سرووشتی و جوانی وەک: قەڵای یەزدگردی ساسانی، تاق گەرا، مەزارگەی باوا یادگار، مەزارگەی سەید براکە، مەزارگەی بوودەجانە، کاروانسەرای شاعەباسی، مزگەوتی عەبدوڵڵای کوڕی حەزرەتی عومەر، ئاسەوارە مێژووییەکانی گوندی زەردە و بان زەردە، کێوی داڵاهۆ، چۆمی ئەڵوەن، چۆمی زمکان، چۆمی زریسک، سەراو حەریر، سەراو قورچی واشی، سەراو نەرەکانی، ناوچەی توریستی رێژاو، گوندی شاڵان و گوندی تووشامی و... بوونەتە هۆی ئەوەی کە ساڵانە خەڵکانێکی زۆر بۆ گەشت وگوزار روو لەم ناوچەیە بکەن.

**ئا: کانی وایان**

Kurdistan

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای مندالان دا


لانه و لاوان بۆره


سارۆ، بانه، سان


رۆژی ئومید


شەقایەق و شاهین ئیبراهیم پوور


هانا هەڵگورد


ئەشکین لوتفی


ئارمین کاوان


لانۆ سەرکۆ


نارین کەنکاش


ئاکار قادری


بێخاڵ عەلیپوور


کانی هەیکەلی


موکریان چووکەڵی